Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.30.SpB.13

# مێژووی دەشتی هەولێر(دزەییەکان بەنموونە) ڕەگ وڕیشەو داب ونەریت

**ئیمان تەحسین یاسین/** بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

**سنور صباح صديق /**بەشی مێژوو،کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Snur Sabah Sediq
Snur.sediq@su.edu.krd

RECEIVED :24 /10/2025
ACCEPTED :13/01/ 2026
PUBLISHED :15/04/ 2026

**پوختە**

دزییەکان مێژوویەکی کۆنیان هەیە لە دەشتی هەولێر،هەرچەندە لە سەر سەرەتای هاتنیان بۆ ناوچەکە بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە بەڵام هەموو سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن کە مێژوویەکی کۆن و دوور و درێژیان هەیە لە دەڤەرەکە ولەسەرەتادا ژمارەیان کەم بووە دواتر ژمارەیان زیاد بووە وخاوەن ماڵ و موڵک و سامانی زۆر بوون بۆیە دەسەڵات وبریاربەدەست بووینە هەمیشە، تەنانەت لە ڕووی سیاسیشەوە رۆڵیان هەبووە لەگشت شۆڕشەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد لەگشت سەردەم و قۆناغەکانی مێژووی چەکداری و شۆڕش دژی ڕژێمەکانی عێراق بەتایبەت کاتێ کە دژی گەلی کورد دەجەنگان، لەرووی داب و نەریت و جل وبەرگەوە جلو بەرگی تایبەت بەخۆیان پۆشیوە و دابو نەریتی تایبەت بەخۆیان هەبوە ،هەرچەندە تارادەیەک نزیک بوونە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە ئەمەش بەهۆی تێکەڵاویان لەرووی کۆمەڵایەتیەوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی خۆیان پاراستووە، چونکە لەرووی ژن و ژنخوازییەوە تارادەیەکی زۆر داخراو بوون لەو بابەتەدا ئەمەیش بەهۆی ئەوەی سەروەت سامانی زۆریان هەبووە و نەیان ویستوە کچی خۆیان بدەنە بەگشت کەسێک و هۆزێک واتە لەگەل گشت خێزان هۆزێک ژن و ژنخوازیان نەدەکرد بەڵکو زیاتر لەناوخۆیان (لەچوارچێوەی هۆزی دزەیی) هاوسەرگیریان دەکرد و لەنێوخۆیان زۆر تەباو یەکدی گربوون و زۆر وابەستەی یەکتر بوون، لە هەمان کاتیشدا کەسانی هۆشیار بوون توانیویانە دژ بە ئاغاکانیان راپەربن بکەن وزوڵم و زۆرداری قبوڵ نەکەن.

**وشە سەرەکییەکان:**
دزەییەکان،
داب ونەریت،
ئابووری،
ئاغا

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**1. پێشەکی:**

دەشتی هەولێر بەهۆی ئەوەی کە لەڕووی دیوگرافی یەوە زەوییەکی دەشتایی تەخت وگەورەو بەرفراوان و زۆر بە پیتی هەیە کە بۆگشت جۆرەکانی کشتوکاڵی زۆر گونجاوە و دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی داهاتێکی زۆر باش لەبەرئەوە ژمارەیەکی زۆر لە عەشیرەت و بنەماڵەی ناودار تێیدا نیشتەجێ بوون، یەکێکیش لەوانە دزەییەکانن، کەلەسەرەتادا وەک بنەماڵەیەک ناوبانگیان دەرکردووە دواتر وەک عەشیرەتێک ئاماژەیان بۆ کراوە ، هەمیشە سەنگ وقورسایی و گرنگی خۆیان هەبووەلەم دەڤەرە وەلەهەموو سەردەم وگۆرانکارییە سیاسیەکان لەم ناوچەیەدا قسەی خۆیان هەبوە.

**2. گرنگیی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ڕێگەی سەرچاوەی زانستی و چاوپێکەوتنەوە  مێژوو و داب ونەریتی دزەییەکانی خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، توێژینەوەکە یەکەم کاری زانستی و مێژوویی ئەکادیمیە دەربارەی مێژوو وداب و نەریتی دزەییەکان .

**3. ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لە نووسینی ئەم توێژینەوە سەرەڕای گرنگیدان بە مێژووی بنەماڵەو هۆز وعەشیرەت و تیرەکانی نیشتەجێ ی دەشتی هەولێر ، وەلەهەمان کاتدا بریتییە لە خستنەڕووی لایەنێکی زۆر گرنگی مێژووی هۆزی دزەییەکان و تیشک خستنە سەر تیرە و باوانیان لەدەشتی هەولێر ولەگشت قۆناغەکانی مێژوو بە گوێرەی سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی مێژوو کە ئەم بابەتە لای دزەییەکان هەمیشە جێگای گفتوگۆکردن و مشتومڕ و مناقەشە بووە بووە بۆیە ئەم توێژینەوە دەبێتە بابەتێکی زۆر گرنگ و یەکلاکەرەوە و زانینی زانیاریە درک پێنەکراوەکان لە بوارەدا.

**4. میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، بەهۆی سروشتی تایبەتی بابەتەکە،کەبەشێکی سەرەکی لایەنی مەیدانیە و بریتیە لە چاوپێکەوتن ودیمانە کردن لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیار و بەرچاوی نێو هۆزی دزەییەکان بەتایبەت لەرووی داب و نەریت ،جل وبەرگ و تیرەکانیان، کە ئەم توێژینەوە زیاتر پشت بەرێبازی توێژینەوەی مێژوویی پەسنی (وەسفی) و مێژووی زارەکی دەبەستێت ،هەروەها رێبازی راڤەکاریش بە گوێرەی پێویست بۆ زۆرینەی لایەنەکانی ئەم توێژینەوەیە کارهێندراوە.

**4. سەرچاوەبەکارهاتووەکان:**

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە پشت بەستراوە بە سەرچاوەی هەمەجۆر، هەندێک لەسەرچاوەکان پر بایەخ بوون بۆ توێژینەوەکە لەوانە:(فۆلکۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا) ی ئاوازی ئەحمەد حەمەدەمینی دزەیی، (رەچەڵەک وسەرجەلەی خێڵی دزەیی لە سەدەی حەڤدەم تاکو نەورۆزی 2005)ی رزگار ئەحمەد حەمەدەمین دزەیی، (رەسەن و فۆلکلۆری جل وبەرگ وخشڵ وبوک وگواستنەوەی ناوچەکانی کوردستان) ی ژیان هاوار دزەیی، هەروەها مارک سایکس ( القبائل الكردية في الإمبراطورية العثمانية).

**5. پێکهاتەی توێژینەوە:**

توێژینەوەکە لەم پێشەکیەو دوو تەوەری سەرەکی و ئەنجام پێک هاتووە، تەوەری یەکەم تایبەتکراوە بۆ باسی ( کورتەیەکی مێژوویی لەسەر دزەییەکان شوێنی جوگرافیان)، کەدابەشکراوە بۆ سەر دوو باس، وەهەروەها تەوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ (بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کورتەباسێکی سیاسی) ، کە ئەم تەوەرەش بەهەمان شێوە دوو باس لە خۆ دەگریت.

**یەکەم: کورتەیەک لەسەر عەشیرەتی دزەیی وشوێنی جوگرافیان**

**رەگ و ریشە و مێژووی دزەییەکان**

دزەییەکان بریتین لە هۆزێکی بەناوبانگ و گەورە ودیارو بەرچاوی کوردستان کە لەبەشەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات و وباشور و هەندێکیش لە باکووردا هەن، ناوەکەیان لە گوندی دزێی ناوچەی (ورمێ) وە هاتووە کەدەکەوێتە کورستانی ڕۆژهەلات، لەسەرەتا بنەماڵەیەک بوون بەڵام دواتر تەشەنەیان کرد و وژمارەیان زۆربوو وەلەئێستادا وەکو هۆزێکی گەورەی کوردستان دەناسرێن.(مەلاحەسەن، 151، 2019) .

سەبارەت بە ناو ورەچەڵەکی دزەییەکان بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە، بەڵام زۆرینەیان کۆکن لەسەرئەوەی کە خەڵکی کوردستانی باشوربوینە و لەگوندی یان ناوچەی (دزەیی) لە ئێرانەوە هاتوون وئێستا خاوەنی هەزاران دۆنم زەوین ( موژدە مشیر رحمان ، هەولێر ، 2024/11/27). یەپێ ی ئەم بۆچوونە ئەمانە لەکاتی شەری سەفەویی و عوسمانی مەزهەبی سونییان هەڵبژاردوەو بەرەو ناوچەکانی قوشتەپە هاتوون.

بەپێی یەکێک لە دەســـتنووســـە مێژوییەکان ڕەگ ورەچەلەکی دزەییەکان دەچێتەوە ســـەر (خان ئاودەل)کوڕی(میر عزەدین شـێر)ی کوری (شـاعەلی بەگ)ی میری سـۆران. واتە دزەییەکان لە بنەچەدا لەمیرەکانی (سـۆران)ن و لێیان دابراوان ولە ئەنجامی کۆچ ڕەویاندا لە شوێنی ئێستایاندا جێگیربوون وپەرەیان سەندووە(گۆڤاری کاروان،1988،67، 17).

سـەرچاوەیەکی تریش بەهەمان شـێوە بنەرەتیان دەباتەوە سـەر میرانی (میرنشـینی سـۆران)(هەروتی، 2023، 56-57). کەبەپێ ی ئەم بۆچوونە لە ترســی زەبر و زەنگ وئەشـکەنجەدانی (سـولتان سـلێمان قانونی)لەکاتی هاتنی بۆ کوردسـتانی باشـور سـاڵی (1525ز) ناوچەی هەولێر(المواقع الاثرية فی العراق، 1970،22-23). یان جێهێشـتووە وچوونەتە کوردستانی (ئیران)و لەگوندی (دزی) نیشتەجێ بوون لە ژێردەسەڵاتی شا (تەهماسب) ی سەفەوی شای ئێران، دواتر دەســەڵاتیان بەســەر ناوچەکەدا گرتووە ،باجیان لە خەڵکی ناوچەکە سـتاندوە شـا بەم کارەیان نیگەران بووە ئەوانی لەرێگەی هێزێکی گەورەوە ناردۆتەوە بۆ کوردستانی باشوور.(بێخاڵی، 2010، 75-76)

بەپێی ســــەرچاوە، زانیارییەکان و چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ دزەییەکان وا دەردەکەوێت چوونیان بۆ وولاتی ئێران بۆ گوندی دزە ،بە هۆی زوڵم و زۆرداری ســـوڵتانی عوســـمانی ســـلێمانی قانوونی نەبووە. لە هەمانکاتدا لە ئێرانیش هۆکارەکەی ئەوە نەبوو ،کە باجیان بۆ خۆیان کۆکردبێتەوە، بەڵکو بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ئەوان ڕەتیان دەکردەوە ببن بە شیعە مەزهەب بۆیە بڕیاریاندا بگەرێنەوە بۆ دەشتی هەولێر.

بۆچونێکی تر باس لەوە دەکات مێژووی دزەییەکان بۆ چوار سەد ساڵ لەمەوپێش دەگەرێتەوە، ناوەکەیان لە گوندی دزێی ناوچەی (ورمێ) وە هاتووە، احمد دزەیی دەڵێت :لەسەرەتادا ئەوان بنەماڵەیەک بوون، بەڵام دواتر بە هۆی زۆر بوونی ژمارەیان لە ئێستادا وەک هۆز دەناسرێن.(مەلا حەسەن،2019، 151؛ احمد دزەیی،2020، 9-10)

بۆچوونێکی تر پێی وایە بەهۆی کێشـەیەک لەنێوان سـێ کوڕی ئەو بنەماڵەیە لە سـەردەمانی ڕابردوودا کەسـێ برا بوون، ئەوانیش قەرەنی ئاغا وعیســـا ئاغا وپیرداود ئاغان، ئەمانە بەهۆی کێشـــەکانی نێوان خۆیان هەریەکەیان لە ناوچەیەک نیشـــتەجێ دەبن .لە ئێســـتادا ئەو هۆزە بە شـــێکیان لە دەشـــتی دزەییانی پارێزگای هەولێر نێشـــتەجێن کەنەوەی قەرەنی ئاغان، بەشی دووەمیان کە بنەماڵەی عیسائاغان لە سلێمانی نێشەجێن وپێیان دەڵێن ئاغای گەورە، بەشـــی ســـێیەمیان کە بنەمەڵەی پیرداود ئاغایە ڕوودەکەنە ناوچەی جەزیرەی بۆتان لە باکوری کوردســـتان لەوێ نازناوی هەرتووش یان وەرگرتووە(رحمن،هەولێر، 2024/11/18).

قەرەنی ئاغا لە دوای ناکۆکی لەگەڵ براکانی لە ســـەدەی هەژدەمی زاینی ڕوودەکاتە پارێزگای هەولێر، قەرەنی ئاغاپیاوێکی ژیربووە، لە ماوەیەکی کورتدا دەبێتە خاوەن زەویەکی زۆری کشـــتوکاڵ وئاژەڵی زۆرکەلـەلایـەن عویمانییەکانەوە پێی درابوو وبکاری دەهێنا وەکو ســەرچاوەیەک بۆ کۆکردنەوەو ز یادبوونی ســامان، چوار کوڕی هەبووە بەناوی (مەحمود، ئیبراهیم، ومام زێندێن). (سەلار دزەیی، هەولێر،2024/10/5).

قەرەنی ئاغا توانیویەتی هەریەک لە کوڕەکانی لە شـــوێنێک جێگیر بکات، بیانکات بە ئاغای شـــوێنە کە و خەریکی بەخێوکردنی مەڕوماڵات وکارکردن بن، پاش کۆچی دوای قەرەنی ئاغا، مەحمود ئاغای کوڕی ســـەرۆکایەتی دزەیەکانی کردووە لە دوای نزیکەی سـەدەیەک بوون بە هۆزێکی گەورە لە ناوچەکە ولەسـاڵی 1837 لە والی بەغدا هەڵگەڕانەوەو باجی ساڵانەیان نەداوە. ( مەلا حەسەن، 2019، 15)

ســـەرەتا لە گوندی (گردمەلا)ی ناوچەی قوشـــتەپە لەناو خیوەتدا ژیاون دواجار لە (قوشـــتەپە)( خورشـــید،1978، ل17)ئوقرەیـان گرتووە وهێنـده گەورەبوون بەشـــێـک لە زەویەکـانی نێوان رووبـاری بچوک و گەورەیـان گرتووە،ئەندامانی ئەم عەشـیرەتە بەر لە سـێ سـەدە لە گردەکانەوە هاتوو نەتەخوارو لە هەندێ گوندی دەرووبەری (قوشتەپە) نیشتەجێ بوون.( حاجی حسن، هەولێر،2024/11/4.)

جێگای ســەرنجە هەندێک ســەرچاوەی بنەرەتی ئاماژە بە ناوی دزەیی دەکەن کەچەند ســەد ســاڵیک بەر لە ئێســتا هاتوونەتە ئەم دەشـــتە مەبەســـتمان دەشـــتی هەولێر وبەهۆی ســـیاســـەتمەداری خۆیان لەگەڵ عوســـمانییەکاندا

ڕێککەوتوون لە سەردەمی ئینگلیزیشدا توانیوویانە پێگەی خۆیان لەگوندەکانی دەشتی دزەیایەتی بپارێزن(بێخالی، 2010، 75).

ئاغاکانی دزەیی لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانییدا دەسەڵات وکاریگەرییەکی فراونیان هەبووە، کە لەو ڕێگەیەوە توانیان لەلایەک ژمارەی جووتیارەکانیان زیاد بکەن ،لەلایەکی دیکەوە پێگەی خۆیان بەهێز بکەن کە دواترلە قەزای هەولێر ئەو جۆرە دەسەڵاتانەیان پێنەدرا، بۆیە ئەو کاریگەرییەی لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانیدا بە دەستیان هێنابوو، لەژێر ڕۆشنایی هەلومەجە نوێیەکەدا زۆر کەم کرایەوە ( خورشید،1979، ص 55) .

لە کاتی داگیرکردنی دەشتی هەولێر لەلایەن بەریتانیا وە ،بە شێوەیەکی ئاشکرا پەیوەندی دوژمنانەی بەریتانیا لەگەڵ سەرۆکی هۆزەکانی دزەیی دەرکەوت .بەڵام لەکاتی باشبوونی پەیوەندی نێوانیان، ژمارەیەک لەو سەرۆک هۆزانەی لەگەڵ بەریتانیەکان بوون پەیوەندییان لەگەڵ ئاغاکانی هەولێر تێکچوو لەسەرچاوەکان باس لەهیچ کام لەمانە ناکات و ناویان بەدیاریکراوی نابات.( مەلا حەسەن، 2019، 172-173) .

### شوێنی جوگرافی نیشتەجێ بوونی تیرەی دزەییەکان:

سەبارەت بە شوێنی نیشتەجێبوونی دزەییەکانە لە دەشتی هەولێر ،نیشتەجێی بەشێک لە ناوچەی قەرەچوغ ،قەراج و کەندێناوەن کە بە پیتترین بەشی دەشتی هەولێرە. بێجگەلە و ناوچانە لە هەندێک ناوچەی تری دەورووبەریش بڵاو بوونەتەوە.

هەرچی سەبارەت بە سەرۆکی ئەم عەشیرەتەیە ئەم خێڵە فەرمانڕەوایەکی یەکگرتوو وسەرەکییان نییە. بەڵکو بەسەر چەند بەشێک دابەشدەبن بەشەکانی بریتین لە:-

1. پیران (Piran).
2. گونتولا (Cuntula).
3. مامان (Maman).

دابەشبوونی ئەم خێڵە بەسەر ئەم بەشانەدا لە ئێستا لە بەرچاو نەگیراوە وەک چۆن لە زۆر حەڵەتدا بۆمان دەردەکەوێت کە پیاوانی خێڵەکە نازانن سەر بەکام لەم توێژانەن، بەڵکو بە ئاماژەدان بەوەی کە شوێنکەوتووی سەرۆکێکی دیاریکراون وڕازین(حمدامین، هەولێر، 2024/11/28).

| سەرۆک | ناوچەی نیشتەجێبوونی | دەسەڵاتی شوێنکە وتوانی |
|---|---|---|
| ئیبراهیم بایز | مەخمور | 700 شوڕشگێر 2500 پیاوە |
| ئەحمەد پاشا | کندیناوە | 700 شوڕشگێر 1500 پیاوە |
| حاجی پیرداود | خورماتو | 400 شوڕشگێر 1000 پیاوە |

لە ماوەی بێست ساڵی ڕابردوودا پۆستی بەڕێوەبەری قوشتەپە بەشێوەیەکی گشتی بە یەکێک لە ئاغاکانی دزەیی بەخشرا، بەڵام کەس نەیتوانی ئەم پۆستە بۆ خۆی زیاتر لە ساڵێک بهێڵێتەوە(خورشید، 1979، 50).

بیرو بۆچوونی جیاواز هەیە سەبارەت بە لقەکانی دزەییەکان،یەک لە بیرو بۆ چوونەکان بەم شێوەیە دابەشیکردووە:

1. فخذ حسن آغا، لە مەخمور دەژین ولقیان هەیە:

أ. ئەحمەد پاشا لە بنەماڵەی آل حسین آغا بە سەرۆکایەتی خدر بەگ.

ب. بایز آغا (بایس) بە سەرۆکایەتی حوسین مەلا.

2. فخذ مەحمود آغا و دابەش بوون. (العامري، بدون سنة، ص 106)

أ. فارس آغا بە سەرۆکایەتی مەعروف آغا.

ب. کاکەخان بە سەرۆکایەتی عەلی آغا.

ج. فخذ ئیبراهیم آغا بە سەرۆکایەتی عوسمان بن حمد کامل.

1. حەسەن ئاغا، ودابەش بوون:

أ. ئەحمەد پاشا.

ب. بایز ئاغا.

2. مام زین الدین.

3. مەحمود ئاغا ودابەش بوون:

أ. فارس ئاغا.

ب. کاکەخان.

ج. ئیبراهیم ئاغا.

بیرو بۆچوونێکی دیکە هەن بەم شێوەیە لقەکان دابەشدەکات:- لە سەرەتا دا عەشیرەتی دزەیی لە چوارتیرە پێکهاتوون (بایز، فارس، ئاغا، کاکەخان) ئەو چوار بنەماڵەیە ژمارەیەک لقی تریشیان لێبۆتەوە ئەم لقانە دەسەڵاتی تەواوی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە تەنانەت هاوکاری دانشتوانی ناوچەکەیان کردووە لە شەڕدا ، دەیان شەڕشیان لەگەڵ عەرەبەکان کردووە.(ئیسماعیل،2005، ل 25) هەندێک لە دزەییەکان خۆشیان عەشیرەتەکەیانە بەسەر چوار لقی سەرەکی دابەش دەکەن (حسن ئاغایی، مەحمود ئاغایی، مام زیندن، برایم ئاغایی) هەریەک لەو لقانە بونە چەند بەرەبابێک وەک بەرەبابی (حەمەد پاشا) ، (حاجی پیرداود وئاغا) ،(برایی بایزی) و(کاکەخانی ومام خولەیی).(رحمان ،هەولێر ، 2024/11/27)

ژمارەی ئەندامانی دزەیی ئەوانەی کە لە ژیاندا ماون بەپێی یەک لەو سەرچاوانەی کەبەشێوەیەکی مەیدانی کاری بۆ کردوەو لە نێوان سالانی (2008)و تەنها (نێر) حیساب کراوە بەم شێوەیەیە.

1- بەرەی بایز (503) کەس.

بایز 169.

حەوێز 63.

مەلا 199.

وسمان 99

رۆستم 23

2- بەرەی پاشا (324) کەس

عومەرە فەندی 20

پاشا 202

حاجی نادر 102

3- بەرەی فارس (258) کەس

شیخ وسمان 130

ئەمەر ئاغا 128 (دزەیی،2008)

4- بەرەی کاکەخان (335) کەس.

مام خولە 160

کاکەخان 175

5- بەرەی کاویسی مەلا (15) کەس.

کۆی گشتی نەوەی مەحمود ئاغا قەرەنی ئاغا (1435) کەس.

بەرەی مام زێندین پێک دێت لە 3 بەرەباب (769) کەس.

6- برایم ئاغا (341) کەس.

7- خوولەیی (269) کەس.

8- مام زێندین (752) کەس.

کەواتە بەپێ ی ئەم سەرچاوەیە لەساڵی 2008 کۆی گشتی هەموو دزەییان تەنها ئەوانەی لە ژیان ماون دەبێتە (2797) کەس بەم شێوەیە خێڵی دزەیی لەچەند بەرەباب پێک دێت ئەوجا هەریەک لەو بەرەبابانەش لەناو خۆیان دەبنە چەند تیرەیەک.( حمدامین، 2008، 23)، هەرچەندە عەشیرەتی دزەیی پێشتر بۆچوونیان وابوو کە لە چوارتیرە

پێکهاتوون بەڵام ئێستا سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن دزەییەکان لە هەشت تیرە پێکهاتوون، لەگەڵ ئەوشدا بیروای جیاوازهەیە لەسەر تیرەکان زۆربەیان دەڵێن کە لە چوارتیرە پێکهاتوون دواتر لقیان لێی دروست بووە بەڵام دوای لێکۆڵینەوەی ووردو وپشتبەستن بە سەرچاوەی مێژوویی و چەند وچاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەسایەتیە دزەیییەکان و تێرامانمان لە بۆچوونی دزەییەکان گەیشتینە ئەو راستیەی کە دزەییەکان لە هەشت تیرە پێکهاتوون. ئەوە شتێکی ئاساییە کەعەشیرەتە گەورەکان بۆ چەند لقێک دابەش ببن. لە زۆر عەشیرەتیش هەندێ لق دەبینن کە ناوی هاوشێوەیان هەیە ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو لقانە ناوی خاوەن زەوییە رەسەنەکانن لە کاتێکدا کە سەرۆکەکانی ئێستاسەربەخێزانی بەهێزن کەدەستیان بەسەرزەوییەکانیاندا داگرتووە.( هۆمەر دزەیی، 2020، 24.)

**دووەم:- بارودۆخی کۆمەڵایەتی وسیاسی هۆزی دزەییەکان:**


**بارودۆخی کۆمەڵایەتی وداب و نەریتی هۆزی دزەییەکان:**

ئەم لایەنە کاریگەریی زۆری هەبووە لەسەر بنەمای دابەشبوونی چینی دەوڵەمەند وهەژار هەر چینێکی دانیشتوان دابونەریت وبنەمای تایبەت بە خۆی هەیە بۆ بەنیادنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەکرێت ئەم پەیوەندییە کۆمەڵایەتییانە لەسەر بنەمای چینایەتی پەیوەندی نێوان چینە دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان بێت.

ئاغاکانی دزەیی بێجگەلە پەیوەندییەکانیان لەناوچەکانی خۆیان پەیوەندییان هەبووە لەگەڵ ئاغاکانی هەولێر وئاغاکانی خۆشناوەتی و دزەیی وگەردی وەک پەیوەندی نێوان بنەماڵەی نەقیب و هەردوو بنەماڵەی بایز وفارس لە هۆزی دزەیی، وپەیوەندی هەندێ خانەوادەی ئاینی لەگەڵ ئاغاکانی دزەیی .( بەیارحاجی حسن ، هەولێر،2024/10/5)کوردەکان لە دەشتی هەولێر لە مانگی ئایار دا دەگەرێنەوە گوند ولە سەرماڵەکەی کە پرێک لە لق وگەڵای دار دروستدەکەن تا ژن ومنداڵەکەی تێدابخەون. لە ناوچەی کۆیە وخوارووی رەواندوز خەڵکەکە گویندنوی دروستدەکەن تا گەرما هاوین دێت، هەوا کە هەڵدەکا هەر چۆنێبێ کە بە کوخە قامیشەکاندا تێدەپەرێ فێنک دەبێت، ئەگەر دیواری رۆژئاوای ئاورشتن بکرێ ئەو فینکتریش دەبێ ئەم کە پرانەش لە شەقڵاوە وباخەکانی میوە دەبینرێت هۆزە گەورەکانی ناوچەی رانیە هەندێ کۆمەڵی بچووکی ناوچەی رەواندز بەهاوین کۆچ بۆ ناوچە بەرزەکان دەکەن ولە دوای خۆیان هەندێ لە پیاوان بەجێدەهێڵن تا سەرپەرشتی ماڵ وکشتوکاڵەکانیان بکەن.( هاوارحاجی حسن ، هەولێر، 2024/10/5) لەلایەکی تر پەیوەندی ئاغاکان لەگەڵ ئاغا وسەرۆک هۆزەکانی دەشتی هەولێر لە ئاستێکی باشدابوو، وەک دزەیی وخۆشناو وگەردی، بەڵام گۆرانکارییە سیاسییەکان لە کوردستان هەندێ جار دەبووە هۆی گۆرینی ئاراستەی ئەو پەیوەندییانە، سەرۆک هۆزی خۆشناو ومیران (قادر بەگ) پەیوەندیەکی بەهێزی لەگەڵ پیاوانی هەولێر دا هەبوو لە وانەش ئاغاکان وپیاوانی ئاینیی وئاغاکانی دزەیی لە دەشتی هەولێر(حوسین، 2018، ل 172-173).لێرەداپێویستە رەخنە لەسەرچاوەی(ئارهێ) بگرین کەدەڵێ:- جیاوازییەکی گەورە لەنێوان کوردەکان وعەرەبەکان هەیە، عەرەبەکان لە زۆربەی کاتدا بە خواستی خۆیان بە رەوەند دادەنرێن وناکرێ ناچاری نیشتەجێبوون بکرێن، کە چی کوردەکان شوانکارەن ناچارن یان وەک نەریتێک رەوەندن وئامادەیی نیشتەجێبوونیان تێدایە کاتێک یەکێکان بۆی دەرکەوی کە نیشتەجێبوون باشترە.( ئارهێ، 2016، 50.) جێگای سەرنجە کەباس لە پەیوەندی نێوان چینی دەوڵەمەند وهەژارەکان دەکەین، لە هۆزی دزەیی لەگەڵ هەژارەکان بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیان کردووە ، ئەم پەیوەندییە لە چەند ئاستێکدا بووە ئەویش ئاستەکان وپلەوپایەکانی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گرینگی تیایدا گێراوە، هەر چەندە ئاماژە کراوە بۆ هەندێک لە ئاغاکانی هەولێر کە بە سۆز بوونە لەگەڵ چینی هەژارمامەڵەیان کردووە.(تەها ، هەولێر، 2024/10/5). بەڵام دەتوانرێ بوگوترێ ئەو پەیوەندییە زۆر سنوردار بووە، هیچ پەیوەندییەک لە ئارادا نەبووە کە ئاغاکانی دەشتی هەولێر بە هەژارەکان ببەستێتەوە تەنها هەندێک لە هەژارەکان خزمەتکاری لای ئاغاکان بوونە، لە ماڵ وکێڵگەکانیان بێ ئەوەی تێکەڵبوونێکی ژن و ژنخوازی لەنێوانیان رووبدات ( پیرداود،هەولێر ، 2024/10/5) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، ئاستی کۆمەڵایەتی وئابووری رێگربووە لە بەردەم ئاغاکان کە تێکەڵ بە هەژارەکان ببن ئەم دابونەریتە دواکەوتووە بە سەر ئاغاکانی دەشتی هەولێر زاڵبوو، بەڵام لەبەرئەوەی ئاغاکان دەست رۆیشتووبوون، دەکرا کورانی ئاغاکان هاوسەرگیری بکەن ئەگەر کچانی هەژاریان بەدڵ بوایە ئەمەش بڵاوبوو لەناو ئاغاکانی دەشتی هەولێر (عوسمان، هەولێر ،2024/10/5.) بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر کورە هەژارێک کچە ئاغایەکی بەدڵبا ئەوانەیان دەدایێ ئەو عەشیرەتە لەلایەنی کۆمەڵایەتی کچەکانی خۆیان نەدەدا بە

خەڵکی بێگانە ئەمەوای کردبوو خزمایەتیان لەگەڵ خەڵکانی تر کەمتربێت تەنها کچەکانیان دەدا بە ئاموزاو خالوزا کانیان کە زۆربەی دزەییەکان بەڕاشکاوی دەڵێن لەبەر ئەوەی ماڵ وموڵک مان بۆ کەسی بێگانە نەروات(سەلاردزەیی، هەولێر ، 2024/10/5).

چونکە نەیان دەویست کچی خۆیان بدەن بە کەسێک کە سامان موڵکی زۆری نەبوایە و دەوڵەمند نەبوایە چونکە دەبوە میراتگری سامانی دزەییەکان بۆیە ڕازی نەدەبوون ، بەڵام ئێستا ئەو عادەتە لەناو عەشیرەتی دزەیی کاڵ بووەتەوە ئێستا کچی خۆیان دەدەن بە بێگانە وە لە خەڵکی بێگانە کچ دەخوازن جاچ عەشیرەتی کوردی بێت یان عەشیرەتی عەرەب بێت بەڵام هەتاوەکو ئێستاش هەندێک لە دزەییەکان ئەو عادەتە کۆنەیان ماوە کە کچی خۆیان نادەن بە بێگانە(جاف، 2012، 114).


اتصلت بالكردي الكبير آغا إبراهيم، زعيم أكراد دزائي، الذين يبلغ عددهم ألفًا ومائتي عائلة. اعتبر أن اندماج العرب والأكراد أنتج عرقًا رائعًا من الناس، وذكر أن عمله يمتد إلى تسوية جميع النزاعات المدنية بين شعبه. في الواقع، تشمل ولاية الآغا صلاحيات محاكم المستشارية والطلاق والوصايا ومحكمة الملك، والمسائل الجنائية والدينية فقط التي تُعرض على موظفي الحكومة

ئەم دیاردەیە تەنانەت دەگمەن بوو لە نێوان ئاغاكانی دزەیی چونكە هاوسەرگیری لەگەڵ هەژارەكان شیاو نەبوو لەڕووی ئابووری وكۆمەڵایەتییەوە لەلایەن هۆزی دزەییەوە، بەڵام دەتوانین بەڵێن دزەییەکان زۆر نزیک بوون لە ڕووی ژن و ژنخوازی لە عەرەبەکان. عەشیرەتی دزەیی بەمیوان دۆست ناسراون ، لەبەر ئەوەی باری دارایی عەشیرەتەکەیان باش بووە پێشوازی باشیان لەمیوان کردوە خواردن وخواردنەوەی پاشیان پیشکەش کردون، یارمەتی میوانیان دەوا ( بەیارحاجی حسن ، هەلێر ، 2024/10/5). بۆ نموونە ریچ لە گەشتەکەیدا بۆ کوردستان دەڵێت :کە گەیشتینە دەشتی کوردستان سەعات 11.30 بوو قاوەمان خوارەدەوە دوو ڕۆژ ماینەوە لەلای ئاغای دزەیی(ریچ،2008، 321). سێرمارک سایکس باسی دیدارەکەی لەگەڵ ئیبراهیم ئاغا دزەیی دەکات بەڵام دیاری ناکات ئایا لەمەخمور چاوی پێی کەوتووە یان لە شوێنێکی تر، بەڵام بە دڵنیاییە پێش ساڵی 1904 کە بەرواری بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بووە، چاوی پێی کەوتووە. سایکس باس لەوە دەکات کە ئیبراهیم ئاغا بەرپرسی 1200 هەزارو دووسەد خێزان بووە .ئیبراهیم ئاغا باسی لەوە کردووە پرۆسەی هاوسەرگیری نێوان کورد و عەرەب نەتەوەیەکی باش بەرهەم دەهێنێت و هەتا سایکس ئاماژە بەوە دەکات ڕەنگەوا بێت، چونکە ئیبراهیم ئاغا باوکی کورد بوو و دایکی عەرەب بوو(سندی،2001، 173). ئیبراهیم ئاغا ڕۆژانە ئەرکەکانی سەرشانی ئەنجام داوەئەم ئەرکانەش بریتی بوون لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵایەتی وەکو ژن و ژن خوازی پرۆسەی جیابوونەوەی هاوسەرگیری و کێشەی ئابووری و موڵکداری و هاوکاری کەسانی کەم دەرامەتی کردوە بۆنمونە ئەگەر کەنجێک لەکاتی ژن هێنان پێویستی بە پارە هەبوایە یارمەتی دەدا وە کێشەی خاوەن زەوی وزارەکانی چارەسەر دەکرد، وەئیش و کاری خەڵکەکەی رایی کردووە ، ئەوکەسانەی کە سەردانی دەکەن ولە ئەنجومەنەکەیدا قسەی لەگەڵ دەکەن دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە یەکسانی لەنێوان خەڵکدا لە ڕۆژهەڵاتدا بەدی دێت.( حوسێن، 2018، 173; Sykes, M. 1904, 188). وەهەروەها باس لەوەدەکات کە ئەو کەسێکی خۆبەزلزان ولە خۆباییە ڕاستییەکە ئەوەیە کە ئەوەی سایکس باسی دەکات شتێکی جوانە، بەڵام لە ڕووی گشتاندنەوە ناتوانین لە گەڵیدا هاوڕابین. ئەگەر ئیبراهیم ئاغا بەو شێوەیە بووبێت ،بەو مانایە نییە کە هەموو ئاغاکان یان پاشاکان خۆبەزلزانن وهەموو دەرەبەگاکانی کوردستان وەک ئیبراهیم ئاغا بووبن.لە ڕۆژئاوا و باکووری هەولێر هیچ کێشەیەک لەگەڵ هۆزی دزەیی نەبووە کە ئەوکات بەسەرکردایەتی ئیبراهیم بایز ئاغا بووە تەنانەت سەرکردایەتی گشت لقەکانی هۆزەکەی کردوە، هۆزی دزەیی لە رووی کۆمەڵایەتیەوە زۆر نزیک بوون لەگەڵ بنەماڵەی مەلا گچکەی هەولێر (مەلا ئەفەندی، موفتی، ئەحمەد عوسمان و ئاموزاکانیان) لەو کاتە ناسکانەی کە هەولێر پێی تێپەریوە، حاکمی سیاسی ئاماژەی پێکردووە کە ئەحمەد عوسمان بە پشتوانی خورشید بایز ئاغا دزەیی کۆنترۆڵی شاری هەولێریان کردووە بۆ پاراستنی شار.( گۆڤاری دۆکیومێنت،ژمارە 5، 2025، 17). دزەییەکان هەروەک هۆزو خێڵەکانی دیکەی کورد لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە

ژیانێکی ســـــادە ژیاون خەریکی شـــــوانکارەیی بوون لە لەوەرگەکان. وەک جووتیار لە گوندەکاندا دەژیان کە بە پەرۆشەوە بوون لە کارەکانیاندا وکەسانی لێهاتوو بوون لە شارەکاندا بە هەموو ئیرادە و خۆڕاگرییەوە کاریانکردووە بۆ یەکگرتن وپەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتردا . پەیوەندییان پتەوبووە لەگەڵ یەک کە دیارترینیان پەیوەندی ئاغاکانە لەگەڵ هەموو ئەو کەســـانەی کە لە گوندەکەدا دەژین ئەم ســیســـتەمە لە کۆنەوە هەبووە.( تۆمابوا،2010 ،ص 49). دزەییەکان پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی باشـیان هەبوو لەگەڵ عەشـــیرەتە عەرەبەکان بە تایبەت عەشـــیرەتی جبور وە عەشیرەتی طەی پەیوەندییەکە بەم شێوەیە بوو کە دزەییەکان هاوسەرگیریان کرد لەگەڵ کچانی عەشیرەتی جبور وە لەم ڕێگەیەوە پەیوەندیەکی پتەو دروســـــت بوو، ئەم پەیوەنـدیە لەنێوان دزەیی وجبور دەگەڕێتەوە بۆ کەمی بەروبوومی کشتوکاڵی کە عەشیرەتی جبور دووچاری هاتبوون.( ئارهێ، 2016، 114)

وە یەکێک لە دابونەریتەکانی دزەیی لە ڕۆژی چەژن بەیانیەکەی خواردن دروســـت ناکەن چونکە دەڵێن ئەگەر ئاگر بکرێتەوە ، چێشـت لێبنرێت کارەسـاتێکمان دێتە پێش، بۆیە لە ڕۆژی چەژن جیرانەکان چێشـت بۆ دزەییەکان دەنێرن، هەر چەندە بە درێژایی ســـاڵ دیوەخانەکەی دزەییان کراوەیە بۆ میوانان تەنها لە ڕۆژی چەژن نەبێ(طە ، هەولێر ، 2024/10/5).بەپێی چاوپێکەوتنەکان ئێستا هەندێک لە دزەییەکان بەیانی ڕۆژی جەژن خواردن دروست دەکەن ئەم نەریتەیان تەنها لەلا ئەفسانەیەکە.

هەرچی ســـەبارەت بە ژن و ژنخوازییە لە دەشـــتی هەولێر کاتێک کچ وکوڕ پێدەگەیشـــتن یاخود (عازەب) دەبوون ،کاتی شـــووکردن و ژن هێنانیان دەهات ســـەرەتا دایک یان باوکی کور دەپرســـن لە خزم وکەســـان کە حەزدەکات کچێکی بۆ بدۆزنەوە بۆ ئەوەی بیکاتە بووکی خۆی کەیەکیان دەدیتەوە ئەوجا ســــەرەتا پرس و رای ژنان ئاڵوگۆر دەکرا دایکی کوڕە دەچووە لای دایکی بووک یاخود کەسێک کەپێیان دەگووت قاسید دەیاننارد ، پاش ئەوەی دایکەکە وەڵامی دەدانەوە پاش 2 یان 3 ڕۆژی دیکە گفتی باوکیشــــی وەردەگرین ئەوجا دایکی کچە ئاگاداری باوکی کچە دەکاتەوە کە ماڵی فلانە کەســـــی هاتینە خوازبێنی کچەکەمان ئینجا ئەگەر باوکە کە رازی بووایە ئەوا ئیشــــی پیاوان دەســتی پێدەکرد(ژیان دزەیی، 2001، 59).چەند کەسـێک لە پیاو ماقولان خڕدەکرانەوە شـەو سـەردانی ماڵی باوکی کچەیان دەکرد، ســـەرەتا یەکی، لە پیاو ماقوڵان هەڵدەداتێ و دەڵێ هاتین بە خزمی خۆتمان قبوڵ بکەی ئەو کاتە باوکی کچە دەیگوت خزمایەتی ئێوەم لە شـەکری پێ خۆشـترە، کەس نیە لە خزمایەتی ئێوە دوو دڵ بێ ئینجا دەست دەکرا بەرێو رەسـمی مارەبڕین(ژیان دزەیی ، هەولێر،2025/2/10).پێشـوەخت چەند پیاوێک وچەند ئافرەتێکی دیارو ماقوڵ لە خزم کەســی زاوا دەچوون بۆ ماڵێ بووک لە ناو کورد دا کاتێک کچێک دەخوازن وبڕیاری وەردەگرن ئەوا مەلایەکی لە گوند دەهێنن مارەیی لە کوڕەکە دەبڕن واتە مارەی دەکەن یان بەماڵ ڕێک دەکەوتن یان (ژن بە ژنی) ئینجا دەســـت کرا بە جلک وبەرگ کردن ،جل وبەرگ و خشـــڵ دەکردرا ئەگەر ماڵەکان باری گوزەرانیان باش بوایە یان ماڵە ئاغایەک بوایە ئەوە چەک وجلێکی باش بۆ کچەکەی خۆی دەکرد ئەویش بریتی بوو لە بلبلە وحوریەت و دوگمەی بن کەوێ و گوارەی شــەش گۆێ بە کارتیە وبسـکۆکە وخەزێم وبارگەش بریتی بوو لە بەر ماڵێک ولبادێک وموج وچوار شـــەو بەرەیەکی نەخشــدار وتێرو ملاکدان وجیهاز بریتی بوو لە دەســکر وســەرتەبەق لیفکە دۆخین وبەرماڵێ نوێژو دەســـەســـڕی پیاوان ئەویش لەو ئەو کەســـانە بوو کە وێنە لای بووک و زاوا(ژیان دزەیی، 2001، 61-62).

بووکیش ئەوکاتە خەنە بەندانی هەبوو لە جیاتی شـیرناتی بووک چەند جارێک خەنەی لەسـەری دەندراو لە دەسـت وپێی دەندرا ئالایەکی رەنگاورەنگی بەســــەری دادەنرا ئەویش پێی دەوترا (تارا) بەڵام ئەو کاتە بەهاران وهاونیان بووک دەگوازرایەوە وە چونکە ئەو وەختە رەشــمال هەڵدەدرا هەموو خزم و کەس بانگ دەکرا وەکو ئێســتا نەبوو.( هاوارحاجی حسن،هەولێر،2025/2/10)

شـایی کوردەواری بریتی بوو لە سـێ ڕۆژ یان حەوت ڕۆژ بە دەهۆڵ و زوڕنا شـایی رەشـبەڵەک دەکراو بە گۆرانی وتن شایکەران شاییان دەکرد لە ژن بەژنی دا چەند خزم و کەسی بووکە کە بە سواری ولاغی بووکیان دەبردە ئەو جێگایەی کەدیاری کرابوو هەر کەسێ کچی خۆی دەبرد لەوێ دەیانگۆڕیەوە هەرکەس بووکە خۆی دەباتە وە گوندی خۆی ئینجا شـیوتێدەکرێ کابانەکان هەموو چێشـتەکانیان ئامادە کردووە لەسـەر ئاگردان چێشـتەکە بریتیە لە برنج وگوشـتی حەیوان(ژیان دزەیی، هەولێر ، 2025/2/10). لەوکاتەی بووک دەگەیشـتە ماڵێ زاوا دایکی زاوا قاپێک واتە لەگەنێک پڕ گەنم وجۆ و رازیانەی بە سەری بووک دادەکرد دەڵێن هەتاکو ئەم ساڵمان هات و بە بەرەکەت بێت، پاش

هەفتەیەک ماڵی دایکی بووکە کە دەچنە سەردانی کچەکانیان هەندێ شەکرو چاو میوژو تەڕە لەگەڵ خۆیاندا دەبەن ئەویش پێی دەڵێن حەفتیانە، پاش ماوەیەک باوکی کچکەیەک لە براکانی دەچنە دووی دەی هێنەوە بۆ گوندی خۆیان چوار پێنج رۆژ لە ماڵی باوکی دەبێت باوکیشی دیارییەکی بۆ دەکرێت ئەویش پێی دەڵێن (باوە خوند) پاش چوار رۆژەکەش دەگەڕایەوە بۆ ماڵی خەزووری (عوسمان، هەولێر،2024/10/5). (لە ساڵی 1966 لە دایک بووە ، لە گوندی دووگردکان مامۆستایە). لە گوند دا ئەوەی خاوەن کچ و کوڕی گەنج بوایە، دە بوایە هەر ژن بە ژنییان بێ بکرا بایە، دوو بنەماڵە رێک دەکەوتن بۆ ژن بەژنی، ئەگەر خزم بوونایە یان بێگانە. لە سەرەتادا ژنان دەچوون کچەکەیان دەدیت وباسی جوانی ولێوەشاویی وکابانییان بۆ کوڕەکەیان باس دەکرد، ئەگەر کوڕەکە ئەو قسەو وەسفەی ڕاڵیبوایە، ئەو کاتە باوکی کوڕە وچەند کەسێکی تر دەچوون بۆ ماڵی بووک تا کوڕەکەی کچە کە ببینێ بەم جۆرەش یەکتریان دەدیت، کە ئاو یاخود چای بۆ میوانەکان دەهێنا، بەم چەشنە هەردوو خێزان یەکتریان دەدیت و جۆرە ناسیارییەکیان پەیدا دەکرد (ئاواز دزەیی، ١٩٨٤، 11). ئەگەر کوڕەکان ڕازی بوونایە ئەوا ناوی خوایان لێ دەهێنا خوازبێنی دەکراو مەلای گوندییان دەهێنا بۆ مارە بڕین گرنگ نەبوو کچەکان رازی بوونایەیان رازی نەبوونایە هەر باوک وبراکانیان حیساب بوون و دە بوایە کچە هەر بدرێتە کوڕە و شووی پێ بکات.بە زووترین کات جل وبەرگ دەکرا و ئامادە دەکرا، بەڵام چونکە ژن بە ژنە بوو دەبوایە هەردوولا چەک وچلکیان وەکو یەک بوونایە و گەر ماڵەکان هەژار بوونایە دەبوایە بەلانی کەمەوە هەردوولا چەک وجلکیان وەکو یەک بوونایەو گەرماڵەکان هەژار بوونایە دەبوایە بەلانی کەمەوە گوارەو وخەزیمی زیریان بکردبووایە، دەوڵەمەندیش بوونایە دەبوایە خشڵ و زێڕێکی باشیان بۆ بکرێ ( ژیان دزەیی،هەولیر،2025/2/5). هەروەها بردن لە لادێ ئەگەر لەناو ئاوایی بوایە ئەوا بە پێیان بووکیان دەگواستنەوە لە نیوەی رێگادەیان گۆرینەوە، ئەگەر بووک بردنەکەش لە نێوانی دوو گوند بووایە، ئەوا بە سواری ماین تانیوەی ڕێگا بووکیان دەبرد لە نێوان هەردوو گوندا بووکەکەنیان دادەبەزاندن وپێچەشاییەکی خۆشیان دەکرد.(هاوار حاجی حسن،هەولیر،2025/2/10) . هەروەها لەناو کوردەواریدا ئەوەی باوبووپارەیان لەناو پێڵاوی بووک وئەنگوچکی دادەنا منداڵیکیان دەخستەکۆشی بووکەکەوە تازوو منداڵی ببێ، چێشتیش پلاو و ترش وکفتە لێدەنرا بۆ میوان،ئەوانەی بانگ کرابوون بۆ سەر شایی وخەڵکی هەمان گوند بوون ئەوا ڕۆژی دوایی جیازیان بۆ دەناردرا، جیازەکەش بریتی بوو لەم کەل وپەلانە دەستەی گۆریە، دۆخین و دەسکرد.(طە ، هەولێر، 2024/10/5). لە بواری هونەری مۆزیک و گۆرانیش دەشتی دزەیی وناوچەی گەردییانی بە ئاوازێکی زۆر دڵڕفێنی کوردی بەناوبانگن، حەیران هەم لەلایەن جوتیار وسەپان وشوان وگاوانیش وهەم لەلایەن کوڕە ئاغانیشەوە دادەندرا و دەگوترا. ژن وپیاویش حەیرانیان دەگوت. لە حێرانبێژە ناودارەکانی سەردەمی کۆن ئەمانە ناویان ماوە زایەر (کوڕە ئاغایەکی بەرەی مام زێندینی دزەیی بووە). خوشکێکی زایەر کە ناوی (خوچێ) بووە، ئەویش حەیرانبێژێکی چاک بووە، جوامێر، هەمینەی مەولود عەدێ، لاوکێش هەرچەندە کە بەشێوە زاری کرمانجییە بەڵام لەناو دزەییانیش هۆنەرێکی زۆر خوشەویستە(ژیان دزەیی، 2001،ل 61).

وحەیران زۆر باوە، خەڵکەکە پێ خۆشە لە ناوچەی کرمانجی سەروو لە لای دەشتی دزەییانیش حەیران جێگایەکی تایبەتییان هەیە لە دڵ و دەروون گوێگران، چەند کەسێکی دەنگ خوشی حەیران گوتن دا شارەزایانە حەیرانیان بەیان کردووە لەوانە کاک ئیسماعیل مام حاجی وعومەر دزەیی مام وخواڵە و خوالیخوش بوو عوسمان حەیرانم زۆر لەلاپەسەندن(هۆمەردزەیی،2020،ل 43). هەروەها ئەم دەشتە بەناو بانگن بە فۆلکۆر کە بە بۆنەی دروێنە وساوەر کوتانەوە وشایی و زۆر بۆنەی تر دەگوتران، پایزان کە دەغلودان دەدرواوە هەڵبەت ئەو کات دروێنەی ئەو دەشتە هەر بە داس دەکرا بە هەزاران قەتی لەبیابانەوە دەهاتن سێبەریان دەخستە سەرزەوی لە پرێکا هەموویان پێکەوە بە دوای دەنگە گەنم وجۆی دروێنەکردن بڵاوەیان دەکرد لیرەش دیسان دەبوو بە چەژنی منداڵان (ئاوازدزەیی، 1984،ل 51-52). هەروەها حەیران لە دەشتی قەراج وەک پارچەیەکی گرانبەهای کوردستانە حەیران بێژ بەکەیفی دڵی خۆی حەیرانی بەسەر کۆچ وکۆ جباری وماری بابی نازدار حەیرانی هەڵداواەکە (سنجاوی ، ژمارە 10، 120.). حەیرانی ڕەسەن دوو تایبەتمەندیی نەگۆڕ دیاری دەکا، یەکەم: لە بارەی فۆرم و داڕشتنەوە، لانی کەم دەبێ بە سێ بەندولانی زۆر بە چوار بەند ببڕێتەوە، دووەم: ئەوەی کە لە بارەی ناوەڕۆکەوە، خۆی لە قەرەی بابەت گەلی مێژوویی سیاسی کۆمەلایەتی وئایینی وهی تر نەداو تەنیا باسی خۆشەویستی وعەشق بکا، لە کوردستانی ڕۆژهەلات زۆر جار بە حەیرانبێژ دەڵێن بەیتبێژ هەر چەندە لە نێوانیان جیاوازی هەیە (سمایل ،2023، 76-77).

حەیران چەندە جۆرە:- (حەیران مەجلیسـی. حەیران مەجلیسـیی وشـەیەکی عەرەبییە واتای کوردی دانیشـتوان یا دانیشتووانی دیوەخان) .

بەیات تورک. بەیات تورک لە ئیران (بەیات زەند) دەگوتریت (ئەبو عەتا) جیمازی پێ دەگوترێت. جاران هەموو دابونەرێتێک بە گۆرانی بەرێوەچووەو بە چەندان ئاواز بە تایبەتی لە وەرزی بەهاران، لەو کاتانەی کە مەڕداران دەچوونە هەواران، حەیرانیش کۆنترین گورانییە کە لە ژێر رۆشنایی وچرینی حەیران کاروکاسابەتیان کردووە(ژیان دزەیی، 2021، 11).ژمارەیەکی زۆر لە حەیران لە ناو دزەییەکان بەناوبانگن وەک نموونە یەکێکیان دەخەینە روو :

حەیرانی یەکەم: (ئاوازدزەیی ،١٩٨٤، 53).

نەخوشەکە گەلەگرانم کە تیمە

دەنگۆ جەوابەکی بنێرن بەشەوبابی شەوێ

بەبایێ شەماری بە پلکەپێناوێ

دەبانە ژنی باریک دەحەکم بێتە سەرینێ

براینە بە ژنی باریک دێتەوە

لە سەربپیری شیر ناوێ

لەگەر تاقمەکی دەستە خوشکان عومر لە چاریەی

دەرێ گەلی دەستە خوشکیە

ئەمن دونێ ئێوارێم زانیە لەشەو بایێ شەوێ

لەبایێ شەمارێ، لە پلکەپێناوێ

دەرێن کورە تیمە حەیران گەلە نەخۆشە

دەبا دەمەکی بچینە سەرینێ

دەبا لە باتی یاسین وتەلقینێ

لە بۆی بگێڕی گەڕەکی شینێ.

هەرچی سەبارەت بە جل وبەرگی ئافرەتان وپیاوانی دزەییانە مەبەستمان ئەو ناوچانەن کە دەکەونە دەشتی هەولێرە ،لە چەند پارچە قوماشی رەنگاورەنگی جوان لەگەڵ یەکتری دەیانگونجاندو دەدروا.

قوماشە کانیش ئەمانەن: (ئاگر باران، کەرنەک، گورمانە، گورباتمان، چیناوی، خامەگی کەسک، نازناز، شیش، کەباب، کرێم سـتان، قەنەوز، چاپان، شـەمادە، خەزنە، چاپانی زەرد).( ژیان دزەیی، 2001، 8) پارچەکانی جل و بەرگی ئافرەتان ئەمانەن:

1- (قەزمە، سەرو کڵاو )(کڵاوی قرۆش باوی).

پێشان ئافرەتان دەبوو قەزمە لەسەر دابنێن ئەویش بریتی بوو لە کڵاوێکی نەخشدار لەگەڵ هیزاری رەش وسپی یان هەوری سۆر دەپێچرا بە قوڵایی لە دەوری کڵاوە کەقایم دەکرا.

2- (بسکۆکە)

بسـکۆکە پارچە زێرەکی خرە رۆخەکانی بە نەخشـە ناوەندەکەی پێنج پیرۆزەی شـینی بچووک سـێ پێچکەی پێوەیە شـۆڕ دەبێتەوە لەسـەری پێچکەکان یەک و جهادی پێوەیە ئینجا کە لە قەزمە دەدورێ بەسـەر هەردوو بسـکەکانی ئافرەتەکە(هاوار حاجی حسن ،هەولیر، 2025/2/10).

3- (چارۆگ)

لە شـەش گەز قوماشـی تەنکی ناسـک بە شـێوەی چوار گرشـە دەدروا ئافرەتان لەملی خۆیان دەکرد ولە سـەرشـانی دەهاتە خوارەوە هەولێر بە گشتی بە چارۆگە بەناو بانگە.

4- (بەرامپیل)

بەرامپیل بە زۆری لەکاتی کارکردن وئیش وکاری ناو ماڵ ئافرەت دەیانپۆ سـێ بەزۆری رەنگی شـین یان مۆریان رەش بوو لە شێوەی چوار گۆشە دەدورا دوو سەریان گرێ دەدا.

5- (کراسی بابەغەل)

کراســی بابەغەل لە 15 گەز قوماش دەدروا ئافرەتەکە کراســە کە لە بەر دەکرد لەناو قەدی خۆی پارچەیێکی باریک دەبەستێت ئینجالە ئاستی پشدیند کە پشتی هەلێ دەکرد.(ژیان دزەیی، هەولیر، 2025/2/5)

6- (بن کەویێ)

بن کەویێ هەر لە ناوەکەی رادیارە لە ژێرکەوای ئافرەت لە بەر دەکرا هەر دوو سـەر دەسـتەکانی بە زۆری خامەکی مۆر بوو لێوارەکانی بە قەیتان دەدورا ئەویش لە دوو جۆرە قوماشی دەدروا.

7- (کەویێ)

کەویێ لە سێ گەز ونیو دەدروا لە شەشی پارچەی بە شاقەل ئەویش لە قوماشەکی ئەستوری جوان دەدروا.

8- (سەرکەویێ)

لە ســـێ گەز دەدروا لە قوماش ئاگر باران یان شـــیش کەباب بەری لێ دەدرا لەگەڵ کۆبە جل وبەرگ ئافەرتانی ناوچەی دزەییاتی بریتی یە لە (قەزمە، چارۆک، کەویێ، ســـەرکەویێ، بن کەویێ، کراس بەباغەل، هەوری ســـرکەیی، چەفیدی بە گولێنکە، بن کراس، ئاوەک کراس، دەرپێی بکشتەک).

جل و بەرگی پیاوانی ناوچەی دزەییش لەچەندپارچەیەک پێکدەهات .

1- (رانک و چۆغەڵ): رانک و چۆغەڵ هیچ قوپچەی پێوە نیە ئەویش بە قوماشـــی کر دەدورا قوماش کر بە پارچە و پارچە دورست کراوە لە مووی بزنە مەرەزان بوو.

2- (ستارخانی): ستارخانی لە سێ گەز ونیو دەدروا قوماشەکەئەستور بوو، قوپچەی پێوە بوو.

3- (کورتەک وشەرواڵ): لە سێ گەز قوماشی دەدروا کۆن ترین مۆدەی جلی کوردیە لە ناوچەکە ماندا کورتەک لای چەپی دەخرایە سەرلای راستی دووبەر کیش بە کورتەکەوە دەدروون.

4- (کراســی ســپی): لە پۆپلین ی ســپی یان لە خزنەی دەیاندووری بە ئەنگوچک یان هەندێک جار دەیاندروو ســەر دەستی بە قۆپچە ویەخەی کراسەکە ( هاوار حاجی حسن ،هەولێر، 2025/2/10).

5- (جەمەدانی): لە بازاری شـــار هەبوو خەڵکی کڕیان هاوار دزەیی، س،پ،ل 34-35-36وندان دەیانکری و دەیان هێنا بەڵام پێش ئەوەی لە سەرکەن چوار لای رۆخی بە کەیفی ئەو پیاوی کە چۆنی بێ جوانە دەهۆندرایەوە.

6- (هەوری رەشبەڵەک): هەوری لە بازار دەکرا هەورییەکە رەش وسپی بوو تۆزیک دەبریقایەوە وخەت خەت بوو.

7- (دۆخین): سەرەتا بە شێوەی گوریسەو درێژایی 1 مەتر یا کەمێک زیاترە.( ژیان دزەیی،هەولێر، 2025/2/5).

8- (کڵاو) .

9- (سترێلک یان جریش).

10- (قالبی کڵاو).

11- (کڵاوی سپی).

12- (کڵاوی رەش وسپی).

13- (کڵاوی بەسیم).

14- (کڵاوی خوری): لە خوری مەری دروست کرا ئەم جۆرە کڵاوە پیاوە پیرە بە ساڵاچوەکان لە سەریان دەنا هەتا سەرماکاریان لێ نەکا ئەم کڵاوەی کە پیرەمێرد لە سەریان دەدانا (عوسمان ، هەولێر، 2024/10/5).

لە کاتی خۆی ئەگەر یەکێک ئەمری خوای بکردبایە واتە بمردبایە ئەوە خزمێکی نزیکی بوایە وەکو (مام، خاڵ، ئاموزا، پلک ... هتد)، ئەوە هەوارەکە لە کام گوند بوایە هەموو نیوەماڵیان لەگەڵ خۆیان دەبرد دە چوونە ئەو گوندەی کە تازیەکەی لێیەیان ئەو گوندەی کە مردووەکەی لێ مردووە ئەم ئافرەتە جل وبەرگێکی ســادەڕە شــیان لە بەر دەکرد ئەگەر لەو دەمەدا دەســـتە جل وبەرگی ڕەشـــیان نەبوایە ئەوە دەچوون دەیان خواســـت ئینجاکە دەچوونە شـــوێنی تازیەکە بەلێدان وپرچ ڕاکیشـــان دەچوون بەرەو لای خوشــک وکچی مردووەکە ئەوە هەردوولا بەرامبەر بە یەکتری هەر لە خۆیان دەدا وپرچیان ڕادەکێشـــن پرچەکەش لە دەســـتی خۆیان دە ئاڵێنن فرێی نادەن(ئاواز دزەیی، 1984،ل 25-26).

هەموو جل وبەرگیان ڕەش دەکرد لەناو ئاوی ڕەش دەکەن تاکو هەموو ڕەش بێت ئەوجە هەردوولا بەرامبەر یەکتری لە خۆیـان دەدەن ئەوەی دەچێ بۆ لای مردوو لێ مردووەکە دەڵێ کەســـــم نەما (هـاوار حـاجی حســــن ، هەولێر،

2025/2/10)،ئەوانی تر دەڵێن (کەس خۆمە کەسم نەما مردی خۆمە کەسم نەما کوڕی خاری کەسم نەما تێکچوو ماری)(ژیان دزەیی، 2001،ل 23).

لە رووی ئابوورییەوە دەشتی هەولێر کە بریتیە لە دەشتی (قەراج و کەندێناوە وسەنیە ومرکیە وشەمامک وبەڕانەتی وپشتریَ )، بۆ کشتوکاڵ زۆر بەپێت وفەرە ئەگەر وشکەساڵی نەبێت دێمییە. لە دوای بارانی (پەلە) فەلاح دەستی بە (شۆ) برین دەکرد. ئەمەش بە زۆری تا دەوری مانگی (نەوروز)ی دەخایاند، لە نەوروز ش کژی (وەرد) ئەوە بوو تاکو نزیک جۆزەردان تۆ کردنی بێستانی دێمی وا بوو لە دوای وەردانەوە بوو کە برکی باشتر لێدەرسکێت کە چی لە بەر دەست کورتی ونەبوونی لەگەڵ وەردانەوە تۆ دەکرا(مەلای ڕەش ، 2012، 151). ئەو پەرەگرافە ببە پێشەکی کە باسی دەشتی هەولێر دەکەیت

دەشتی کەندیناوە پتر بەوە ناوبانگی دەرکردووە کە خەڵکە کە پشتیان بە ئابوورییەکی خۆ بژێو بەستووە، ئافرەتان لە کارکرندا وەک پیاو وا بوون، جگە لە بەخێوکردنی منداڵ وهەڵسورانی کاروباری ماڵەوە، زۆر لە ئافرەتان لە پێشە دەستییەکاندا دەست ڕەنگین بوون، لە هەموو گوندەکان چەند ئافرەتێک بە (تەونکاری) خەریک بوون، بە تایبەتی مافوور دروست کردن و دورمان وجەلەکردنی جەمەدانی .. هتد(سنجاوی،ژمارە10، 131).

دەشتی قەراج لە ڕووی کشتوکاڵییە وە بەئەمباری لە بن نەهاتووی دانە وێلە بەتایبەتی (گەنم و جۆ) دادەنرێت وبەشدارییەکی باشی بژێوی هاووڵاتیان و دەستەبەری ئەمنی خۆراک دەکات وە ئەگەر بێین باس لە ڕووەکی دڕکاوی وبیابانییەکان بکەین کە لە بەهاران بەهۆی باران بارین بە هەزاران جۆر رووک ئەم دەشتە دادە پۆشێ یەک پارچە دەبێتە ئەتلەسێکی سەوزی نەرمەگیای درێژ و کورت بۆیە باشترین لە وەرگاو پاوانی باشووری دەشتی هەولێر دەژمێررێت(سمایل، 2001،272).

لە هاویندا پاوانەکە ووشک دەبێ ،لە وەرگا کە ئەو نرخەی بەهارانی نامێنی، بۆیە کۆچ وکۆچباری مەڕداران روو لە چیای قەرەچوغ وکەندیناوە دەکەن هەروەها ئەگەر بێین بەشێوەیەکی گشتی باس لە کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە بکەین قەراج دەشتێکی کشتوکاڵییە و دانیشتوانەکەی بەپلەی یەکەم پشت بە کشتوکاڵ وئاژەڵداری دە بەستێت ئەویش بۆ ئەو هۆکارە دەگەرێتەوە کە زۆر بەرهەمی ساڵانەی دانە وێلە (گەنم و جۆ) یارمەتی جوتیاران دەدات(سنجاوی، ژمارە 8،ل 18-19).هەروەها جگەلە کشتوکاڵ خەریکی کاری ئاژەڵداریش بوون بەهۆی بەخێوکردنی مەڕومالات وبزن وچێڵ کەساڵانە لەڕووی ئابووری یەوە سودیان لێ دەبینی هەروەها لەڕووی ئابووری یەوە سودی زۆریات لەو ئاژەڵە کیویانە دەبینی کە لەوناوچانە هەبوون بەو پێ یەی کە سوارچاک و ڕاوچی زۆر لێهاتوو بوون (خورشید، 1979 ،50) .

**ڕۆڵی دزەییەکان لەجوڵانەوەی سیاسی و ڕووداوەکان :-**

بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو دزییەکان لەدەشتی هەولێر و گوندەکتنی دەوروبەری بەهۆی گۆڕنکاریهیە سیاسی و هەرێمیی نێودەوڵەتیەکانەوە ببونە بەشێکهی دانەبڕاو لە ڕووداو سیاسی و جوڵانەوە و شۆڕشەکاندا لەپێناو مانەوەیان لەسەر خاکی کوردستان و بەرگری کردن لەخۆیان توشیی چەندین کێشەو شۆڕش و شەڕو گیروگرفت بوونەوە بۆیە لێرە دا لەڕووی سیاسی یەوە هەندێ لەو ڕووداوە }ۆڕش و ڕاپەڕینانە دەخەینەڕوو.

**ڕاپەڕینی جووتیارانی دەشتی هەولێر لە ساڵی 1953**

لەناوچەی دزەییان لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی یەکەمی جیهانی و کشانەوەی سوپای تورکیا و هێرشی ڕووسیا بۆ سەر باشووری کوردستان و هەڵکشانی ئینگلیز بەرەو باشووری کوردستان کێشەی نێوان جووتیار وئاغا زۆر بەزەقی بەدیارکەوت ناسەقامگیری دۆخەکەو نەمانی یاسا، هۆکار بوون هەندێک لە ئاغاکان بە زۆری ژمارەیەک گوند داگیر بکەن ، لەوانە گوندی هێلەوە ،گوندی سۆربەش و هورمزیاران بوو دواتر کێشەکە لە دوای ساڵی 1939 زیاتر پەرەی سەند .لە زۆربەی گوندەکان جووتیارەکان ڕووبەڕووی ئاغاکان دەبوونەوە (سمایل، 2001،ل269).

جووتیارانی کوردستان بەگشتی و دەشتی هەولێر بەتایبەتی لەژێر چەوساندنەوەی دەرەبەگەکانی دزەیی دووچاری نالەباری ژیان و چەوساندنەوە هاتبوون، جێگای باسە بە هاری ساڵی 1953 ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر سەری هەڵدا بەهۆی ئەوەی حکومەت بڕیاری (تەسویە)کردنی زەوی زاری ئاغاکانی دەرکرد، کەدەبو هەرئاغیەک لە 300 دۆنم زەوی زیاتری بەناوبێت دەبێ بیداتەوە بە حکومەت وە هەندێ لەئاغایەکان بڕیارەکەیان جێ بەجێ کرد

بەڵام هەندێکیشـیان هەسـتان بە سـەرپێچی کردنی بڕیارەکەو هەسـتان بەبەناو کردنی زەوی یە زیادەکان بەسـەر کورەکانیان وئەمەش ناڕەزایەتی کرمانجەکانی لێکەوتەوەو بوەهۆی کێشــەو کرفت وڕاپەڕین لەدژی ئاغاکان، وەهەورەها لە ئەکامی زۆرداری وسـتەمی ئاغایەکانی دزەیی ،دەسـتپێکی ڕاپەڕین لە گوندی قازیخانە دەسـتی پێکرد بەهۆی ئەوەی لەلای ئاغاکانی گوندەکەیان باجێکی نوێیان بەسـەردا سـەپێندرا بەناو (ئەسـتەمبوڵانە) ئەو باجە باجی مەروماڵات و قشــپلانە ) و ئیتر خەڵکی گوند بڕیار دەدەن داواکاری ئاغا جێبەجێ نەکەن، ئەمە لە کاتێکدابوو جوتیارانی ئەو گوندە زۆر هۆشـیار بوون،ئەوانەی بەشـداری ڕاپەڕینیان کرد هەرچەندە لەهەندێک سـەرچاوە بە چوار کەس ئاماژەیان بۆکراوە کە پلانی ڕاپەڕینیان دارشـتوە( حاجی ئیسـمایل)کە نازناوی حاجی سـمایل سـوراحی بوو بە ڕابەری ڕاپەڕینەکە ئاماژەی بۆ کراوە،بەڵام لە راسـتیدا هەموو گوندەکە ئەم پلانەیان دارشـت، لە هەر ماڵەو کەسێک لەسـەر چۆخینان ئامادە بوون دوای نوێژی شـێوان کۆ بوونەوە پلانەکەیان دارشـتن. (حاجی سـمایل قادر سوراحی ) وەک ریش سپی و ڕابەری ڕاپەڕینەکە هەڵبژارد. هەروەها ئافرەتانی شۆڕشگێری قازیخانە بەشداری ئەم ڕاپەڕینەیان کردووە، لەوانە فاتمی خێزانی حاجی حەسەن (سمایل، 2001، ل270).

دواتر ڕاپەڕینەکە زۆربەی گوندەکانی دەشتی شەمامک وکندیناوە وقەراجی گرتەوە بەم شێوەیە شەپۆلی ناڕەزایی زیاتر لە(200 )گوندی گرتەوە، ئاغاکانی زۆر هەراســان کرد وپەنایان بۆ کار بە دەســتانی ڕژێمی پاشــایەتی برد، ڕژێمی پاشـایەتیش پشـت وپەنای ئاغا و دەرەبەگەکان بوو، هێزێکی پۆلیسـی گەڕۆکی (الشـرطة السـيارة) بۆ گوندە ڕاپەڕیوەکان نارد بۆ ترســاندنی جووتیاران، ژمارەیەک لە جووتیارە چالاکەکان دەســـتگیرکران، لەگەڵ مەلاکان ژمارەیەکیان سزادران تەنانەت یەکێک لەوانە کە سمایل قادرسـوراحی بوو کە دەزگیرکراو ڕەوزانەی زیندان کرا بە شاری موسڵ، بۆ ماوەی (3)سـاڵ بە بڕیاری کارگێڕی پارێزگاری هەولێر حوکم درا(فەتاح، ، 2008،ل5). حکوومەتی عێراقی ئەو کات نوێنەری چینی دەرەبەگ بوو، هەر زوو کەوتە دامرکانەوەی ڕاپەڕینەکە و لە هەر گوندێ (4–5) جووتیاری چالاکی گرت و بە ئۆتۆمبیلیش شـەو و ڕۆژ بەناو گوندەکاندا دەسـووڕانەوە بۆ چاوشـکاندنی جووتیاران و لە کۆتایی بەهاردا زیاتر لە(150)جووتیار گیران و ڕەوانەی زیندانی موسڵ و کەرکووک و هەولێر کران، لە ساڵێک تا چوار سـاڵ زیندانی کران، و هەندێکیشـیان (6)مانگ زیندانی کران، هەندێکیشـیان ڕەوانەی ڕانیە و بێتواتە کران. لە ئەنجامی ئەو ململانەیە زۆر جار شـەڕە تەقە لە نێوان ئاغا و جووتیارەکان ڕووی دەدا، جار جاریش لە نێوان پۆلیس و جووتیار ڕووی دەدا. ئەو کێشــــمە کێشــــمە (6)مانگی خایەند و لە ئەنجامدا ڕاپەڕینەکە دامرکایەوە، هەندێک لە جووتیارانیش زیندانی کران و چەند جووتیارێکیش بوونە قوربانی (فەتاح، هەولێر، 2008، 16) .

شایانی باسە بە هۆی زەبروزەنگی حکومەت ڕاپەڕینەکە نەی توانی ئامانجەکانی خۆی جێبەجێ بکا (سمایل، 2001، ل272). ئەم ڕاپەڕینە بەیەکێک لە ڕاپەرینە مێژووییەکانی عێراقی نوێ دادەنرێت.(برونسن، 2010،ل 167)

ئیتــر ئاغــا دەســەڵاتی بــەرەوە لاوازی چــوو هەرچەنــدە ژمــارەیەکی کەمیــان لە گونــدەکان مــابوونەوە. دوای شۆڕشـــی تەممـــوزی ســـاڵی 1958 (ســلێمان، 2024، 138) جووتیـــارانی هەمـــوو گونـــدەکان زەویـــان وەرگـــرت و ئاغاکـــانیش گونـــدەکانیان چـــۆڵ کـــرد.( تەهـــا، هەولێـــر، 2024/8/25) بەڵام هۆشــــیارییەکی چینـــایەتی قـــووڵی لە دڵـــی جووتیـــاران چانـــد و ڕاپەڕیـــنەکە لە هەمـــوو عێـــراق دەنگـــی دایەوە (ئـــاوارە، 2020،ل87). ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعیش ڕۆڵـی سـەرەکیان هەبـوو لە هۆشـیارکردنەوەی جووتیـاران و کـۆمەکی کردنیـان ). پـارتی دیمـوکراتی کوردسـتان پشـتگیری ڕاپەڕیـنەکەی کـرد، هـانی جووتیـارانی دەدا بـــۆ بەشـــداری کردنیـــان لە ڕاپەڕینەکە(ســـمایل ، 2001، ل277). لە دوای ئەو ڕێکخســـتنەکانی پـــارتی دیمـــوکراتی دەهـــات هاوســـۆزی خۆیـــان بـــۆ جووتیـــاران پیشـــان دەدا(فتـــاح،2008، ل4). هەروەک دواتـــر وەفـــدێکی جووتیـــاران ســـەردانی بەغـــدایان کـــرد ، بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی داخوازییەکانیـــان بـــۆ ســـەرکردایەتی حزبـی مـۆڵەت پێـدراوەکان لەوانـیش کامـل جـادرچی (سـەرۆکی حزبـی دیمـوکراتی نیشـتمانی)، زۆر بە گەرمـی پێشـــوازی لێکـــردن و پشـــتگیری خـــۆی بـــۆ داخـــوازییە ڕەواکانیـــان دەربڕی(گۆڤـــاری K21 ، ژ. 10–11).

شـــایانی باســـە ســـەرەڕای ئەوەی کە ڕاپەڕیـــنەکە ســـەرکەوتوو نەبـــوو، بەڵامـــلەگەڵ ئەوەش هەنـــدێ دەستکەوتی بۆ جوتیاران بەدەست هێنا لەوانەوە:-

1- نەمانی هەندێ سەرانە وەک سورانە و قشپلانە مەڕانە و قاوەچییانە.

ئەو جۆرە سەرانانە بریتین لەو برە پارە و باجانەی کە لەخەڵک وەردەگیرا کە تایبەت بوو بە ئاژەڵداری و مەڕو ماڵات و کشتوکاڵ کە لەو کەسانە وەدەگیرا کە خەریک بوون بە ئاژەاڵداری و کشتوکال لەو ناوچانە.

2- هەندێک لە ئاغاکان گوندەکانیان بەجێهێشت و چوونە شار.

3- بۆ یەکەمجار بوو جووتیار بە کۆمەکی ویەک هەڵوێستی لە چەند گوندێک پێکەوە بەرەو ڕووی ئاغاکان بوەستنەوە و پشتی یەک بگرت، لە دوای ئەوەی حکومەت ناچاربوو گرنگی بدات بە ژیانی گوندەکان کە ڕێگاوبان و کردنەوەی قوتابخانە(تەها،هەولێر،22/4/ 2025)

دزەییەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات ژمارەیان ودەسەڵاتیان لەم ناوچانە زیادی کردوە بە شێوەیەک لە سالانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو لەدەشتی هەولێرنزیکەی (500) گوندی تیادا ئاوەدان بووە ، کە لەوانە نزیکەی (200) گوند لە ژێردەسەڵاتی ئاغاکانی دزەیی دا بووە بەجۆرێک کە حوکمی گشت ئەووناوچە گوندانەیان کردووە لەڕووی ئابووری دەسەلات و فەرمانڕەواییەوە دەسەڵاتیان بەتەواوی زاڵ بوو بەسەر کرێکار و جووتیار و ئاژەلدارەکانی دەشتی هەولێر و دەوروبەری کە برە پارەیەکی دیاریکراو وەک کارەکەر ڕۆژانەیەکی کەم و دیاریکراویان دەدا بە کرمانج و خەڵکە هەژارەکەی ئەم ناوچانەی ژێردەسەڵاتیان (قادر، 2018، ص13-14).

## 6. ئەنجام:

لە دوای وردبوونەوە لە زانیارییە مێژووییەکان، توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشت، کە لە خوارەوەدا بە پوختی خراونەتەڕوو:

1- دزەییەکان لەکۆنەوە لە دەشتی هەولێر نیشتەجێ بوون وخاوەنی دەسەلات و موڵک وماڵێکی زۆر بووون لە ناوچەکەدا ،لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییەکی باشیان هەبووە لەگەڵ عەشیرەتەکانی دەورووبەری خۆیان.

2- لە رووی داب و نەریتەوە هاوشێوەی عەشیرەتەکانی تری کورد بوون ،بەتایبەت عەشیرەتەکانی دەشتی هەولێر،لەهەمان کاتیشدا لەهەندێک بابەت جیا بوون لەگەڵ دەورووبەرەکەی خۆیاندا.

3- ئەندامانی عەشیرەتەکە زۆر وابەستەی تاکەکانی عەشیرەتی خۆیان و گەورەکانی بنەماڵەکانیان،لەگەڵ ئەوەشدا زوڵم وزۆرداریيان قبوڵ نەکردووە رووبەرووی ئاغاکانیان راوەستاون و ڕاپەرینیان ئەنجام داوە.

## لیستی سەرچاوەکان

**ئامارە فەرمییەکان:.**

**کتێب**

**أ**- بە زمانی کوردی


- باوەر، ئەحمەد، 2024، مێژووی هاوچەرخی عێراق 1914 – 1968، چاپی 3، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
- برونسن، مارتین ڤان، 2010، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی : کوردو عەلی، 2010، بەرگی یەکەم، لە بلاوکراوەکانی مەکتەبی بیرو هۆشیاری.
- تەقوش، محەمەد سوهەیل، 2021، مێژووی هاوچەرخی عێراقی، وەرگێران: سەربەست جیهاد،چاپی 1،هەولێر.
- جاف ، حسین یارە ئەحمەد ، 2012،هۆزەکانی کورد، چا دووەم، بەغدا.
- حوسین، موحسین محەمەد ، 2018، هەولێر لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، وەگیرانی: ئاواز فاتیح جاف، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
- حەسەن، هیوای مەلا ،2019،مێژووی چەند هۆزیکی کورد، چاپخانەی چوارچر، سلێمانی.
- خورشيد ،فؤاد حمد،1979 ، العشائر الكرديه،مطبعة الحوادث,بغداد.
- دزەیی ، دکتۆراحمد انور،2020 ،احمد أنور دزەیی قوتابیەکی ژێر مامۆستایەکی پەروەردەی لێهاتوو، هەولێر.
- دزەیی ،ئاوازی ئەحمەد حەمەدەمینی ١٩٨٤،،فۆلکۆری کوردی لەناوچەی دزەییاندا، الأديب البغدادي،بغداد.
- دزەیی، رزگار ئەحمەد حەمەدەمین،2008: رەچەڵەک وسەرجەلەی خێڵی دزەیی لە سەدەی حەڤدەم تاکو نەورۆزی 2005، بەرگی یەکەم.
- دزەیی، ژیان هاوار، 2001، رەسەن فۆلکۆری جل وبەرگ وخشڵ وبوک وگواستنەوەی ناوچەکانی کوردستان، چاپخانەی سلێمانی.
- دزەیی، هۆمەر ، 2020،لە دوو گردکانەوە بۆ بنی دونیا، چاپخانەی دەزگای فام، چاپی یەکەم 2021، بەرگی یەکەم،سلێمانی.
- سايكس ، مارك، 2003، القبائل الكردية في الإمبراطورية العثمانية، ت: هەوراز سوار عەلی ، مجلة متين للطبع، دهوک .
- سمایل، عەباس سلێمان، 2023 ، مێژووی دەشتی هەولێر، بەرگی سێیەم، چاپخانەی ئیراز،هەولێر.
- سنجاوی، جەلال ئەنتوگرافیای دەشتی هەولیر، گۆڤاری هەولێر، ژمارە 10،هەولێر.

- فەتاح، خەباتی مەلا حەسەن ، 2008، بیرەوەرییەکانی حەفتا و شەش ژیان ، هەولێر.
- قادر، عەباس نادر، 2018،راپەرینی جووتیارانی دەشتی هەولێر1953، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، چاپی2، هەولێر.
- کوتک، حازم ، 2020، 13-57 ساڵ جولآنەوە لە زێر وەهمی شۆرشدا ، هەولێر.
- مەلای ڕەش، عەزیز ، 2012،خورجەیەک لە فولکۆرێ دەشتی هەولێر وچەند واریقان وبابەتی دیکە،چاپخانەی هاشم، هەولێر.
- هەروتی، سـەعدی عوسـمان، 2023، کوردسـتان لە سـەردەمی عوسـمانیدا، چەند توێژینەوەیەک لە مێژووی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی وئابووری، چ2،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر .
- هەی، ویلیەم ڕەپێرت، 2024، دوو سـاڵ لە کوردسـتاندا (ئەزموونی ئەفنەرێکی سـیاسـی بەریتانی 1918-1920)، وەرگێڕانی: هاوکار عەبدوللا، دەزگای فام،سلێمانی.
- ئارهێ، دبلیۆ، 2016، دوو ساڵ لە کوردستان، وەرگیرانی: لوقمان باپیر، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات ،هەولێر.
- ئیسماعیل، ئەرسەلان بایز، 2005 ،ڕۆژانی سەخت، چاپخانەی روون، 2005، بەرگی دووەم،سلێمانی.

**ب- بە زمانی عەرەبی:**

- أطلس المواقع الاثرية فى العراق،1970م ، مطبعه الجمهوريه، بغداد.
- بدرخان السندي، 2001،المجتمع الكردي في المنظور الاستشراقي، دار ئاراس للطباعة والنشر، خانزاد اربيل، كوردستان العراق.
- بوا، توما، الكرد،2010 ،ترجمه: صلاح عرفان، منشورات مركز الدراسات الكورديه، كوردلوجى.
- حميدي، جعفر عباس، 2015، تاريخ العراق المعاصر 1914 – 1963، طبع 1 ،بغداد
- ريج، جيمس، 2008، رحلة ريج (مقيم بريطاني في العراق عام 1820)، ترجمة: بهاء بشير،طبعه الاولى، الدار العربية للموسوعات .

**ب- بە زمانی ئینگلیزی:**

– Sykes, M. (1904) Dar-ul-Islam: A record of a journey through ten of the Asiatic provinces of Turkey. London: Bickers & Son.

**ڕۆژنامە و گۆڤار:**

– قارەمان حيدر سلێمان، ڕەنگدانەوەی دۆزی کورد لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی لەماوەی نێوان (1964 – 1968)، گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەرگی 28، ژمارە 5، 2024.
– گۆڤاری کاروان، ژمارە 67ی ئابی 1988.
– گۆڤاری دۆکیومێنت، 2025،گۆڤارێکی وەرزیی ڕۆشنبیریی دۆکیومێنتارییە، ژمارە 5، کانوونی دووەم.

**چاوپێکەوتن:**

– چاوپێکەوتن لەگەڵ بەیار حاجی حسن ، هەولێر، سێ شەممە 2024/10/5.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ جیهانگیر مشیر رحمان ،هەولێر، چوارشەممە 2024/11/27.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ رزگار احمد حمدامین ،هەولیر، پێنج شەممە 2024/11/28.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ ژیان هاوار ئیبراهیم ئاغای دزەیی ،هەولێر ،2025/2/10.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ سەلار سعدی حسین دزەیی،هەولێر، سی شەممە ، 2024/10/5.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ فەرهاد حەمە تەها، لە ڕۆژی پێنج شەممە ، لە بەرواری4/22 / 2025
– چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا دلێر مەحمود تەها ، هەولێر، سێ شەممە، 2024/10/5.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا هادی محمد عوسمان، هەولێر، سێ شەممە ،2024/10/5.
– چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوار حاجی حسن،هەولێر،چوارشەممە 2024/11/4.
– چاوپێکەوتن لەگەل، رزگار ئەحمەد حەمەدئەمین،دووشەممە، لە بەرواری 2025/4/6.

**تاريخ سهل أربيل (عشيرة دزەيى نموذجا) الجذور والتقاليد**

**ايمان تحسين ياسين**
قسم التاريخ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان، العراق
**سنور صباح صديق**
قسم التاريخ، كلية الاداب ، جامعة صلاح الدين–أربيل,إقليم كوردستان، العراق
Snur.sediq@su.edu.krd

**الملخص**
تعد عشيرة الدزيي من العشائر ذات الجذور التاريخية العميقة في سهل أربيل. وعلى الرغم من تباين الآراء بشأن زمن وصولهم الأول إلى المنطقة، فإن الجميع يجمع على قدم وجودهم فيها وأصالة انتمائهم إليها. في بداياتهم، كان عددهم محدودا، غير أنهم سرعان ما ازدادوا عددا ونفوذا، حتى غدوا من أصحاب الأملاك والقرار ، مؤثرين في الشأن العام والسياسي على حد سواء.
من الناحية الاجتماعية والثقافية، كانوا قريبين نسبيا من سكان المنطقة الأصليين، سواء في العادات أو الملبس، نتيجة تفاعلهم ومشاركتهم في الحياة الاجتماعية. ومع ذلك، حافظوا على هويتهم المميزة وخصوصيتهم القبلية، إذ اشتهروا بانغلاقهم النسبي في مسألة الزواج، حيث كان يتم غالبا ضمن أفراد العشيرة نفسها دون الاختلاط بغيرهم. وقد عزز ذلك من تماسكهم الداخلي وروابطهم القوية، وفي الوقت ذاته، عرفوا بشجاعتهم وقدرتهم على مقاومة الظلم والاضطهاد، وعدم خضوعهم لأسيادهم متى ما شعروا بالجور أو المساس بكرامتهم
**الكلمات الرئيسية:** عشيرة الدزەيى، العادات والتقاليد، الاقتصاد، الشيوخ.

**History of the Erbil Plain (Dizaiy Tribe as an example), Roots and Traditions**

**Eman TahseenYaseen**
Department of History,College of Arts, Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region, Iraq.
**Snur Sabah Sediq**
Department of History,College of Arts, Salahaddin University-Erbil,Kurdistan Region, Iraq.
Snur.sediq@su.edu.krd

**Abstract**
The Dizaiy tribe has a long and distinguished history in the Erbil Plain. Although opinions vary regarding the exact time of their arrival in the region, there is a general consensus that their presence dates back to ancient times. Initially, their population was small, but over time, they grew in number and accumulated significant property and influence. This growth positioned them as key decision-makers, including in political affairs.
Culturally, the Dizaiy tribe shared similarities with the local inhabitants in customs and dress due to their active social engagement. Nevertheless, they preserved their distinct identity, maintaining a strong sense of internal cohesion. Marriage was traditionally confined within the tribe, as they preferred not to intermarry with outsiders—a practice that strengthened their unity. At the same time, the Dizaiy were known for their resilience and courage, often standing firmly against oppression and refusing to submit to unjust authority.
**Keywords:** Dizaiy Tribe, Customs and traditions, Economy, Agha.